
**ڕگەیاندنی هاوبەش: بەڕێوەچوونی دانیشتنی هاوبەشی نێوان ڕێکخراوی دیموکراتیکی یارسان و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

لە درێژەی پرۆسەی هاوکاری و پەیوەندییە دوولایەنەکان، ڕۆژی ١ی مارسی ٢٠٢٦ی زایینی، دانیشتنێکی هاوبەش لە ئاستی سەرکردایەتی نێوان حیزبی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوی دێمۆکراتیکی یارسان، لە کەشوهەوایەکی هاوڕێیانە و بنیاتنەر بەڕێوەچوو.

لە لایەن کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە، بەڕێزان عەبدوڵڵا ئازەربار (ئەندامی دەفتەری سیاسی)، ئومید تاهێری و کاوە عەزیزی (ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی) و مەنسور یاری (کادری باڵای




کۆمەڵە) بەشدار بوون.

لە لایەن ڕێکخراوی دیمۆکراتیکی یارسانیشەوە، بەڕێزان ئەحمەد مورادی، سەید ئەشکان حوسێنی، سام ئەلقاسی و مەنوچێهر عەزیزی (ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەندیی) لەم دیدارەدا بەشدار بوون.

لە ماوەی ئەم گفتوگۆیانەدا، گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و دەرئەنجامەکانی هێرشە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران تاوتوێ کرا. هەردوو لایەن، لە هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ئەم پێشهاتانە لەسەر پێکهاتەی دەسەڵات، دۆخی ناوخۆی وڵات و داهاتووی سیاسی ئێران، جەختیان لەسەر ئەوە کرد کە بارودۆخی ئێستا دەتوانێت زەمینەی گۆڕانکاریی بنەڕەتی بۆ قۆناغی تێپەڕبوون لە کۆماری

ئیسلامیی ئێران ئامادە بکات. بەشداربووان هەروەها جەختیان لەسەر گرنگیی بەڕێوەبردنی بەرپرسیارانەی ئەم قۆناغە مێژووییە و هەستیارە کرد، بە ڕوانگەیەکی پشتبەستوو بە ئارامی، دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و پاراستنی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و هەموو گەلانی ئێران.

هەردوو لایەن، بە ئاماژەدان بە هاوبەشییە فکری، تیۆری و مێژووییەکان و بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەی هاوکاریی و نزیکایەتی لەنێوان ئەم دوو ڕەوتەدا جەختیان لەسەر پێویستیی قووڵکردنەوەی هاوکارییە کردەیی و ئامانجدارەکان لە پێناوی بەرژەوەندیی هاوبەشی خەڵکی کوردستان و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێران کرد. هەروەها هەردوولا پێداگر بوون کە بارودۆخی ئێستادا وەلانانی ناکۆکییەکان، قبووڵکردنی فرەچەشنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان و سەرانسەری ئێران، و هەنگاونان لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دێمۆکراتیک، پێویستییەکی مێژووییە.

لەو چوارچێوەیەدا، هەردوو لایەن لەسەر بنەماگەلی دێمۆکراسی، مسۆگەرکردنی مافی یەکسانی هاووڵاتیان، دابینکردنی ماف و داواکارییەکانی خەڵک لە ڕێگەی دامەزراندنی میکانیزمگەلی دێمۆکراتیک پێداگر بوون.

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا، ڕێکخراوی دێمۆکراتیکی یارسان و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بە زووترین کات میکانیزمگەلی هاوکاریی کرداری لە بواری سیاسی، فکری، ڕێکخراوەیی و دیپلۆماسی ڕێکبخەن. بۆ ئەم مەبەستە، هەیئەتێکی هاوبەش لەلایەن هەردوولاوە بە مەبەستی بەدواداچوون و جێبەجێکردنی بڕیارەکان پێکهات و، ئەم هاوکاری و لێکنزیکبوونەوە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ستراتیژیک بەردەوام دەبێت.

ئەم دانیشتنە دوای کاتژمێرێک دیالۆگ و بیروڕا گۆڕینەوە لە کەشوهەوایەکی ئەرێنی، دۆستانە و لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە کۆتایی پێهات.

کۆمەڵەی شۆڕگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

ڕێکخراوی دێمۆکراتیکی یارسان

١ی مارس ٢٠٢٦